# دواناوەندی عەنكاوەی نموونەیی قوتابخانەیەكی نموونەییە لە عەنكاوە



**سەباح شامایا**

**دواناوەندی عەنكاوەی نموونەیی كە لە رۆژی ٢٠٠٤/٩/٥دامەزراوە و بەرێز فەهمی سلیوە بابەكە بەرێوەبەری ئەم دواناوەندەییە (١٢) هۆبەی تێدایە ژمارەی قوتابیانی (٢٧٨) قوتابییە رووبەری ئەم قوتابخانە نوێیە لەسەر زەوییەكی (٤٠٠٠م) مەتر چوار گۆشەیە، گۆرەپان وباخچەی تێدایە .**

**لەناوەراستی مانگی كانوونی دووەم /٢٠٠٩ قوتابییانی قوتابخانەی یەزداندۆختی بنەرەتی سەردانی ئەم دواناوەندییە یان كرد وەك گەشتێك و سەردان و یەكتر ناسینی قوتابییان و زانینی شێوازو ئەرك و چالاكیەكانی ئەم دواناوەندییە نوێیە.**

سەرەتای گەیشتنمان و چوونە ژوورەوەی بینایەكە لە لایەن مامۆستا رەعدو لیژنەی پێشوازی كە لە ژمارەیەك قوتابیان پێكهێنرابوو پێشوازیان لە ئێمە كرد، زۆرشت لەم دواناوەندییە سەرنجی راكێشاین، ئەوەی سەرنجی ئێمەی راكێشا لە سەرەتاوە خاوێنی قوتابخانە بوو مامۆستا (رەعد ) ووتی : بەدرێژایی رۆژانی هەفتە كاشی قوتابخانە دەبریقێتەوە و پارچە كاغەز لە سەرزەوی نابینرێت، بەراستی سەرنج راكێشبوو.

ئەوەی دووەمیان سەرنجی راكێشاین مامۆستایانی قوتابخانە بوو دلسۆزانە ئەركی خۆیان دەكەن وهەست بە ئازادییەكی تەواودەكەن وتەبایی وبرایی نێوانیان بەرچاوە، بەهەوڵ و توانای مامۆستایانی دواناوەندییەكە زۆر لە قوتابیانی ئەم دواناوەندییە لە ئەنجامی ئەزموونە گشتییە كانی ساڵی خوێندنی ٢٠٠٧-٢٠٠٨ لە كولێژی پزیشكی و دەرمانسازی وەرگیران وبەیەكەم دەرچووە لە سەرئاستی هەرێمی كوردستان بەرێژەی ١٠٠٪.

قوتابییانی یەزداندۆخت سەردانەكەیان بەهەماهەنگی لەگەل لیژنەی پێشوازی لە بینینی تاقیگەكانی هەمە جۆری دواناوەندییەكە دەستپێكرا، قوتابیەكی ژیرو بەتوانا لەهەر تاقیگەیەكە قسەی بۆ قوتابیان دەكرد وتیبینیەكانی خۆی روون دەكردەوە، لە كۆتایی دیتنی تاقیگەكان، پشوویان لە هۆلی فرۆشگای كافتریای دواناوەندییە كۆتایی بەجەولەكەیان هێناكە شوێنی حەسانەوەی قوتابیانی دواناوەندییە لەكاتی پشوودان.

لە كاتی پشوودانی قوتابیانی قوتابخانە كەمان یەزداندۆخت لە كافتریاوە بە هەل زانیم چاوپێكەوتنێك لەگەڵ بەرێز فهمی سلیوا بابكە بكەم و كۆتایی بەسەردانە كەمان بێنین، رووممان كردە ژوورەكەی بەرگەمی پێشوازی لە من هەوالەكەم مامۆستا عادل سلیوا كرد، سەرەتای دیدارە كەمان بە پرسیارێك بوو لەسەر میلاكی دواناوەندییەكە و بەرێزی ووتی: ستافی میلاكەكەمان رێك وپێكە، كەمی مامۆستامان نی یە، مامۆستای بە توانا و خاوەن ئەزموون لەم دواناوندییە وانە



فەهمی سلیوە

دەڵێتەوە، بەروحێكی هاریكارییانەوە قۆڵ وبازووی خۆیان لێهەڵكەندووە پلانی رۆژانە وساڵانەی خۆیان ئامادە دەكەن، لیژنەی زانستییەكان لەمامۆستایان و قوتابییان پێك دەهێندرێت وكاری خۆیان ئەنجام دەدەن.

لە درێژە قسەكانی تیشكی خستە سەرچالاكییەكانی دواناوەندی و ووتی: ساڵانە پیشانگای زانستی وهونەری و كلتووری لە قوتابخانە رێك دەخەین، هەر لەسەرەتای ساڵدا ئاهەنگێكی خنجیلانە بۆ باوك ودایكان وكەس وكاری قوتابییان سازدەكرێت وتەی بەرپرسانی پەروەردەیی و كارگێری پیشكەش دەكرێن وخەڵات بەسەر دەرچووانی یەكەمە كاندا دابەش دەكرێت ئاهەنگە كە تاكاتێكی درەنگی شەو درێژە بەخۆدەكێشێت لە سەر ئاوازی موسیقاو هەڵپەركێ كەدایكان وباوكانی قوتابیانیش بەشداری ئاهەنگە كە دەكەن.

هەروە هاووتی.. مامۆستایانی قوتابخانە بایەخێكی زۆر بەئەزموونەكان دەدەن وردبینی نمركان دەكرێت وپاشان قوتابیان و باوكانیان ئاگادار دەكرێنەوە بەتایبەتی ئەو قوتابییانەی كە ئاستی نمرەكانیان نزمە زیاتر بایەخیان پێدەدرێت وهەندێ ساڵ سەردانی ئەم جۆرە قوتابیانە لە ماڵەوە كراوە تاكو لە نزیكەوە راستەوخۆ لە گیروگرفتەكانیان ئاشنا ببنەوە.

هەروەها لە درێژە قسەكانیدا ووتی، بە هیچ شێوەیەك جیاوازی لە نێو قوتابییان بەدی ناكرێت بەتایبەتی لەكاتی وەرگتنیان وقبوول كردنیان لە دواناوەندییەكە، دەوڵەمەندو هەژار و كورە بەرپرس وكورە جوتیار وكریكار بەیەك چاوسەیر دەكرێن، بەپێی زێنماییەكان وەردەگیرێن وبەكار هێنانی توندوتیژی قەدەغەیەو قەدەغە كراوە لە نێوان سەرجەم قوتابیان بەپێی سیستەمی پەروەردەیی هەرێمی كوردستان دەرۆین وخاك بە پەیرەوی دەكەین .

لە كۆتایی دیدارەكەمان سوپاسی بەرێز مامۆستا فەهمی سلیوە مان كردو هەروەها سوپاسی مامۆستا (رعد ئەنوەر) مان كرد، سوپاسی لیژنەی پێشوازیمان كرد كە لە ژمارەیەك لە قوتابیانی بەتوانا پێك هاتبوو بەتایبەتی قوتابی زەینب لەو ماندووبوونەیان لەگەل قوتابیانی یەزداندوختیان كێشا، هیوا دەخوازین لە ئاییندەدا سەرجەم قوتابخانەكانی عەنكاوە لەسەر شێوەی دواناوەندی عەنكاوە ی نموونەیی دروست بكرێن وبایەخیان پێبدرێن لە لایەن حكوومەتی هەرێمی كوردستان بەگشتی و وەزارەتی پەروەردە بەتایبەتی .

شایانی باسە لە بەیانی رۆژی دووشەممە كات (١٠) ی بەیانی رێكەوتی ٢٠٠٩/٢/٩ لە رێورەسمێكی شایستە بەدواناوەندی عەنكاوەی نموونەیی وە لە ژێر چاودێری بەرێز وەزیری پەروەردەی حكومەتی هەرێمی كوردستان بینایەی نوێی كردەوە بە ئامادە بوونی بەرپرسانی پەروەردەیی وبەرێوە بەرایەتییەگشتیەكانی وەزارەت و پەروەردەی هەولێر و نوێنەرانی لایەنە حیزبیەكان ونوێنەرانی رێكخراوەكانی كۆمەڵگای مەدەنی وكارگێری وسەرجەم قوتابخانەكانی عەنكاوە ئامادە بوون بەبۆنەی كردنەوەی بینایەی نوێ .





# دڵۆپێ... ئاو .. بەسەر .. ئاگرێكی گرگرتوی بەتین

**پێشكەشە بە ... گەنج و لاوی نیشتمانم**
**سەرلە بەیانی كاتژمێر (٥) ٢٠٠٨/١٠/٠١**

دێن و دەرۆن گەنج ولاوم
لەبەر چاوم ئەكولێ جەرگ وهەناوم
سەیری قەدو باڵای رێك و پێكن
نەقەڵەو و نە لاوازن بەژن رێكن
سەرنجی تەمەنیان بدە بەئاشنایی
وائەروات وبێ مرادو بێ هیوایی
چ گەنجێكن ..؟؟ عومری ژینیان دەست قەدەرە !!
ئامانج و ئاوات لێیان بێ خەبەرە !!
لەم هەوارە . لەم شارە . لەم زەمینە
ئۆقیانوسێكی پان و بەرینە دەوردراوە
بەڵام داخەكەم زۆر لێل ئاوە شێواوە !!
بێ شومارە ..خەم بارە ..بێ ئارامە !!
بوركانێكی نەدیوەو نەناسراوە !!
پڕكانزا یە زێڕو زیوە لە گەوهەرە
سەرچاوەی هێزی ئێستاو ڕابردوە
نێچیری دەوروبەرە بەڵایە لەناو بەرە
نە پاشایە نەسەروەرە . باوكێكی دەست بەسەرە
چبكەم هەمووی پڕ ئاخ وكەسەرە
تەمەن دێت ودەڕوات بەئاسایی
هیچ نابینێ گەنج و لاوی .. سەدە

چیبكەم . لەم هەموو زێڕو گەوهەرە !!
بۆ عیلەتم بێ شیفا یە میللەت برسی بێ هاوتا یە
دێت ودەڕوا لەبەر چاوم
دەم وزمان ئۆقەی نایە..باوم!!
قەدەغەیە لێمان ماڵی خۆمان
برسی وتینوی نان وئاوین
وەك مراوی لەبیابانا. فڕێ دراوین
باڵ شكاویین پێ سوتاوین بێ بەرماوین
بەدڕك ودڕندە دەوردراوین
لە بەرگەرمی هەتاوی بیابان
نەماوە تێمان قەترە زەیتێ چەوری
واخەریكە گڕ دەگرێ ئەم هەموو لمەی
تاك و نوقمی ئاو دەكات !!
ئەم هەموو ئاهو خەممە. ئەی گەنجانم
بەرەگەزی نێرو مێ . دوا رۆژی ئێوەش هەر دێ
دێت و والەرێیە. مژگینیەكی خۆشی پێ یە..
من خۆم دەكەمە قوربانتان . بەدەست وپێ
زمان و قەڵەم هەر ئەنووسێ. توخوا. توخوا!!
دوور كەون لە كارەسا تان. دەری كەن لە خەیاڵتان
ئەمە زەفەری شەیتانە. ئێوەو خوا .
مەیكەن بۆ خۆتان بە پیشە..
سوتانەو تفگەو فیشكە . یان خیانەتەو دەردە سەری
یان هەندەرانەو قوڕبەسەری .

هەندێك دەرباز دەبن بەئاسایی ..
زۆریش سورداشەو دەردەسەری
توخوا نەختێ ورە بەرزی .
دوور بن لە سەر گەرمی و بەرزە ..بەرزی
ئۆ قەبگرن لەم ژیانە. خەریكە رۆژی
ئێوە دێ بەم زوانە . چونكە مللەت ..
هەمووی چاڕوانە. خەمیش خەمی هەموانە
سوێندە. من بەئێوە دەدەم . هەموو جارێك
بەیانیان و ئێوارێ . لەگەڵ خۆم وبرادەرانم .
ڕۆژنامە نووس و شاعیرانم . بروابكەن
هەمووی خەمی ئێوەیە. بەرەنج دان وبەتێكۆشان ..
بەبێ وچان ..بە گۆڤارو بە رۆژنامە ..
بەسایت و ئەنتەرنێتی زەمانە ..
گیان لە سەر دەست بێ ترس و لەرز.
وەك و شێر لە رێگا تێدەكۆشن ..
خەم و مەینەتی ئێوە ئەنۆشن ..!!
كەسیان بەمەی مەخمور نابن ..
لە ترسی كەس سەرنانوێنن ..
بە قسەی كەسیش سەرزەشت نابن
هەرچی هێز و توانایانە .
بۆ مسۆگەری دوا ڕۆژ تانە..
ئەی گەنجانم ڕۆلەكانم ..

خوشك و براو . تاقانەكانم ..
وەرن ئێوەش لەگەڵمان بن ..
لە ڕێی خواو روژنامە نوسانم ..
دەست وپێ بەقەلەم و زمان ..
شۆرشی نوێ بەرپابكەین ..
بە هەموومان بەدڵ وگیان..
بدەین پەیمان . درێغی نەكەین لە تێكۆشان ..
لەپێناو ژیان ودوارۆژمان ..
قەت كۆل نەدەین لەم رێگایەمان
تاهاتنە دی ئاوات وئامانجمان ..
من دەبم بە قوربانی ئێوە ..
دوور بكەون لەم كارە بێ جێیە ..!!
خۆكوشتنە وسوتانە . بەتەقەو ئاگر بەردانە ..
لە گیانە !!
چونكە موحەقەقە . لام پەشیمانە . مخابن
بۆ هەموومان زیانە . گیان لە دەست دانە ..
بێ خەرمان و. بێ ئەنجامە.
ئەم كاری بزێو زەفەری شەیتانە..
زەفەری شەیتانە..
...چەند خۆشە تۆ..بەتەنیا بمری ..
بەفەقیری بمری . كەس بۆت نەگری. زەلیل نەبی..
بەسەربەرزی و ئازا بمری. بە قەدەری خۆت بمری..
بەدەست كەس نەمری. لەبەر كەس نەمری.
لەپێناوی.. خۆت بمری.

**مامۆستا / عەدنان ئێلیا برایموك**